Kurdish Writers Council

nuseran.kwc@gmail.com

کۆمەڵەی نووسەرانی کورد

جمعية الكتاب الكورد

**بانگەوازێك تايبەت بە نووسەرانی كورد**

# كۆماری ئیسلامیی ئێران دوژمنی گەلی كوردە!

لە كەس شاراوە نیە یەكەم خوێنێك كە لە سەر دەستی كۆماری ئیسلامیی ئێران رژا، خوێنی كورد بوو كاتێ كوردی ئێران دوای ئەوەی شانبەشانی بەشەكانیتری گەلی ئێران دژ بە حكومەتی دیكتاتۆریی حەمەرەزاشای پەهلەوی هاتنە دەست و رووخاندیان، تەنیا چەند مانگ دوای ئەم سەركەوتنە مێژوییە و هاتنە سەر كاری كۆماری ئیسلامی، لە سەر فتوای شەخسی ئایەتوڵڵا خومەینی كەوتنە بەر پەلاماری دڕندانەی سوپای پاسدارانی ئێران و خەڵكانی خوێن كران و ئەم رەوتە هەتاكو ئێستاش هەر بەردەوامە!

مەخابن كە مەلاكانی ئێران بە دزینی شۆڕشی گەلانی ئێران رۆژ لە دوای رۆژ دەسەڵاتی رەشی خۆیان بەهێز كرد و ئێستاكە بوونەتە گەورەی دیكتاتۆرانی ئەم سەردەمە، وەك دیكتاتۆریی ئایینی كە رەشترین و دزێوترین جۆری دیكتاتۆرییەتە لە مێژوودا.

گەرچی ئەم حكومەتە بە درێژایی تەمەنی سی و دوو ساڵەی خۆی لە ناو ئێران، دەست و پەنجەی سوورە بە خوێنی پێڕەوانی هەموو نەتەوە و ئایینەكان لە ئێران و هیچ خانەوادەیەكی ئەم وڵاتەی لە گرتن و ئەشكەنجە و سێدارە و جۆرەكانیتری ستەم و سەركوت بێبەش نەكردووە، بگرە هەناردەكردنی شەڕ و تیرۆر و فۆندەمێنالیزمی ئیسلامی بۆ دەرەوەی سنوورەكانی ئێران بەردەوام بەشێك بووە لە سیاسەت و ستراتیژییەتی ئەم حكومەتە. عێراق وەك نموونەی زیندووی ئەم راستییە.

ئەوەتا دوایین خوێنیش هەر خوێنی كوردە كە لە سەر دەستی ئەم حكومەتە فاشییە دەڕژێت و نزیكەی مانگێكە دەستی كردۆتەوە بە تۆپبارانكردنی ناوچە سنوورییەكانی هەرێمی كوردستان.

هەربۆیە كۆمەڵەی نووسەرانی كورد داوا لە نووسەرانی نەتەوەكەمان دەكات لە «گۆڕەپانی نووسین»دا، وەك گۆڕەپانێكی بەرەنگاربوونەوەی بەهێز دژ بە دەسەڵاتدارانی ئێران، چالاكانە بێنە دەست و بە پێنووسی خۆیان فایلی تاوانەكانی ئەم حكومەتە هەڵدەنەوە و سیمای راستەقینەی ئەم حكومەتە بخەنە روو.

هەر لە هێرشكردن بۆ سەر كوردستان و قەتلوعامی كورد لە ساڵی ١٩٧٩ هەتا قەتلوعامی (٣٠) هەزار زیندانیی سیاسی لە ساڵی ١٩٨٨؛

لە گرتن و ئەشكەنجەدان و لە سێدارەدانی دەیان هەزار خەباتكار و ئازادیخوازی ئێرانی هەتا تیرۆری هەزاران نەیاری ئەم رژێمە لە دەرەوەی سنوورەكانی ئێران و بە تایبەتی سەدان كورد و موجاهیدی خەلق لە ناو خاكی عێراق!

لە داخستنی ئاو بەرووی خەڵك و باراندنی ئاگر بۆ سەر هەرێمی كوردستان هەتا دەستخستنە ناو كاروباری عێراق و هەرێمی كوردستان و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانی گەل!

لە دەستدرێژیكردن بۆ سەر چارەنووسی گەلی عێراق و حكومەتەكەیان هەتا سڕینەوەی پەنابەرانی ئێرانی لە سەر خاكی عێراق!

تا دەركەوێت ئەم حكومەتە چەند گورگە بۆ گیانی كوردو غەیرەكورد و چەند درە بۆ لە ناوبردنی رۆڵەكانی گەل و تا چەند دوژمنە بە مافی مرۆڤ و ئازادی و دیموكراتیەت لە ناوچەكەدا.

لە كۆتاییدا داوا لە هەموو نووسەرانی كورد دەكەین وێنەیەك لە وتارەكانیان بو ئەم ئیمەیلەی خوارەوە بنێرین:

nuseran.kwc@gmail.com

لەگەڵ رێزماندا

كۆمەڵەی نووسەرانی كورد

٣٠ی تەمموز/جولای ٢٠١١